دۆستایەتی و ڕێزگرتنی یەکتر کە لە مێژە تایبەتمەندی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات بووە ناگونجێت، هەروەها وەرگرتنی بڕیارێکی لەو شێوەیە بەبێ ڕاوێژکاری یان گفتوگۆی پێشوەختە، پێشینەیەکی نەرێنی بۆ ڕێبازی مامەڵەکردن لە نێوان وڵاتانی هاوپەیماندا دادەنێت، عێراق داوا لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی دەکات کە لە پێشەنگیان ویلاتە یەکگرتووەکان، هاوکار بن لە ئاڵوگۆڕی زانیاری تەکنیکی و بانکیدا، بەتایبەتی لەگەڵ پرۆسەی چاکسازیی هەمەلایەنەی پێکهاتەیی سیستەمی بانکی و دارایی عێراق کە ئەم حکومەتە تەواوی کردووە.

ئاماژەی بەوەشدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای نیشتیمانی کرد، لە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و دەستەی باڵای وردبینی و دەستەی دەستپاکی و بانکی ناوەندی پێکبێت، بە پێداچوونەوە بە دۆسیە پەیوەندیدارەکە و ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی لە ماوەی (30) ڕۆژدا پێشکەش بکات، لەوانەش ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕیی پێویست.

وتیشی هەروەها سودانی جەختی لە بەرپرسیارێتی دەوڵەت کردەوە لە پاراستنی کارمەندانی مەدەنی و پڕۆژە گرنگەکانی پەیوەست بەو کۆمپانیایانە، بە دەستبەرکردنی بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکان بەبێ پەککەوتن و دڵنیابوون لەوەی کە هەر ڕێوشوێنێکی چاکسازی کاریگەری لەسەر مافی هاووڵاتیان یان کارمەندانی ناپەیوەندیدار بەو چالاکییانەی کە لە ژێر چاودێریدان نەبێت.

هەروەها حکوومەت جەختی دەکاتەوە کە عێراق هەر چالاکییەکی ئابوری یان دارایی ڕەت دەکاتەوە کە لە چوارچێوەی یاسایی نیشتمانی لابدات یان بە دابینکردنی دارایی گرووپە چەکدارەکان یان بە مەبەستێک کە ناکۆکی لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان بقەزرێتەوە و بە ڕێکارە ڕوونەکانی بەردەوامە بە دەستبەرکردنی پاراستنی سامانی گشتی و ڕێگریکردن لە مامەڵەکردنی هەر لایەنێک لە دەرەوەی سیستەمی دەوڵەت، بەبێ قبوڵکردنی هیچ ڕاسپاردە و دەستوەردانێک لە کاروباری ناوخۆدا.

لەکۆتایی پەیامەکەیدا وتی حکومەت بە ئامانجی پتەوکردنی ڕێبازی چاکسازیی دامەزراوەیی و ئابووری و پاڵپشتیکردن لە بنیاتنانی متمانە لەنێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت و چەسپاندنی چەمکی بنیاتنانی دامەزراوە نیشتمانییەکانی دەوڵەت بەدواداچوون بۆ ئەو تۆمەتانە ئەنجام دەدات، هەروەها پابەندبوونی خۆی بە بەدواداچوونی پڕۆژە نیشتمانییەکەی و گەیشتن بە گەشەپێدانی دادپەروەرانە و دابینکردنی ژینگەیەکی ئابووری ڕوون و دەستی وەبەرهێنان و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی عێراق و گەلەکەی و پاراستنی پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا دووپاتدەکاتەوە.